

# لە چ بوارێکدا تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق لە رووی سیاسییەوە  کاریان پێکە و چ دەرفەتێکیان لەپێشە

کاروان ئاکرەیی، بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤی

• پاش لەبەریەکترازان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانلی، کورد وەکو نەتەوەی چوارەمی ناوچەکە دوای (عەرەب، فارس، تورک)، لە دروستکردنی دەوڵەتی نیشتمانی خۆی بێبەش بوو. کوردستان بەسەر (٤) دەوڵەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریادا، دابەشکرا.

• ئەم راستیە، هەلومەرجێکی تازەی بۆ کورد و بزووتنەوەکانی هێنایەپێش، ناچار بوو بۆ سەلماندنی بوون و ناسنامەی خۆی، بکەویتەخۆ  و داواکارییەکانی بەرەو رووی هەر یەک لەم (٤) دەوڵەتە تازەیەی ناومان هێنان، بکاتەوە. ئیدی لەو کاتەوە، هەریەک لەم دەوڵەتانە، ئەم کێشەیە بەرۆکی گرتوون و چارەسەریان لێ دەخوازێ.

• پێموایە «هاجس»ی ئەم دەوڵەتانە، وەکو دەوڵەتی سانترالیست، سادە و یەکگرتوو، هێنانەئارای دەوڵەتە- نەتەوە Nation-stateی نەتەوەی سەردەست بووە. ئەوەش پێچەوانەی پێکهاتەی هەمەجۆری نەتەوەیی ئەو وڵاتانە بووە. ئەم هەوڵە، بۆ سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەی سەردەست بەسەر تەواوی توخمەکانی تردا، سیاسەتی ئینکار و سڕینەوەی ئەوانی تر، لەوانە کوردی لێکەوتەوە. راستە ئەم سیاسەتە لەهەر یەک لەم (٤) دەوڵەتە، شێوازی جیا-جیای بەخۆوەگرت، لێ هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە ئەوە تاکە رێگای چارەسەری کێشەی کوردە، کە تا ئێستا دواکەوتوویی، ئازار و مەینەتیی زۆری هەم بۆ ئەو دەوڵەتانە و هەم بۆ کوردیش هەبووە.

• لە عێراقی پێش ٢٠٠٣دا، هەرچەندە بەراشکاوی لە دەستووردا نکوڵی لە بوونی کورد وەکو نەتەوەیەک نەدەکرا، بەڵام سیاسەتێک پراکتیزەکراوە، کە لە ئاکامدا جینۆساید، کیمیاباران و ئەنفالی خەڵکی کوردستانی بەدواوە بووە.

• راپەرینی ١٩٩١ و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کوردان بۆ سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا، بڕیاری ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجوومەنی ئاسایشی یوئێن و پێکهێنانی (ناوچەی ئارام) لێکەوتەوە، کە تورکیای سەردەمی ئۆزال ئاسانکاری بۆ کرد و لەگەڵ کوردان ئامادەی دایەلۆگ بوو. لەسایەی ئەو هەلومەرجە نوێیەدا، لە ١٩٩٢-ەوە حکومەتێکی  هەڵبژێردراو لە هەرێمی کوردستان، واتە KRG هاتەسەرکار.  لەو ساتەوە، راستییەکی تازە لە عێراق و ناوچەکە هاتەگۆڕێ، کە تورکیا بەم یان بەو شێوەیە، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە، بەڵام روانگەی ئەمنی-سەربازی بەسەر تێڕوانینی تورکیا بۆ KRG زاڵبووە.

•لە دوای ٢٠٠٣ وە، KRG لە دیفاکتۆوە، بەگوێرەی دەستووری عێراق، بووەتە هەرێمێکی دانپێدانراوی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیتیحادیی عێراقدا و پراکتیزەی دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات. بەڕای ئێمە، ئەوە چارەسەری عاقڵانە و بەرپرسانەی دۆزی کوردە لەم بەشەی کوردستاندا، کە لەیەک کاتدا، هەم ناوچەکەی خۆی وەکو هەرێمێکی فیدراڵی بەڕێوە دەبات، هەم لە دامەزراوەو ئۆرگانە ئیتحادییەکانی دەوڵەتیشدا، بەپێی سەنگ و قەوارەی خۆی لە (سەرۆکایەتیی کۆمار، پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران) دا، بەشداری لە داڕشتنی بڕیار بۆ تەواوی عێراق دەکات.

• لێرەدا کۆمەڵێ پرسیار بۆ وتوویژ دەخەمە روو: تورکیا وەکو دەوڵەتێکی دراوسێ، چۆن تەماشای ئەم واقیعەی کە بەرجەستەبووی ئیرادەی خەڵکی عێراقە، کردووە و دەکات؟ ئایا ئەم واقیعە تازەیە تا چەند گۆڕانی بەسەر دیدی تورکیادا هێناوە یان دەهێنێ؟ ئایا دەوڵەتی تورکیا دیالۆگ لەگەڵ کوردستانی عێراقدا بەپێویست دەزانێ؟ ئایا تورکیا گەڵاڵەی چ تێڕوانینێکی ستراتیجی بۆ کێشەی کورد لە ناوچەکەدا پێیە؟ ئایا تورکیا، هەر لەو روانگەوە سەیری کوردستانی عێراق دەکات کە تەنیا شەڕی پەکەکەی بۆ بکات؟ ئایا هێشتا تورکیا سەرقاڵی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیەتی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنەوەی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق؟ ئایا تورکیا چ ئاسۆیەک بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکات، کە کۆمپانیاکانی تورکیا لە بواری وەبەرهێنان و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ خۆیان، پێش دەوڵەت کەوتوون کە بەرای ئێمە دەبێ پەرە بەو ئاقارە بدرێ و لە سیاسەتی رەسمیشدا رەنگبداتەوە. چونکە ئاسۆیەکی گەش، لەبواری وەبەرهێناندا بەتایبەتی لە بواری وزەدا هەیە، چونکە لەم بوارەدا هەوڵەکانی KRG بۆ ئەوەیە، لە عێراقدا قانوونێکی گونجاو لە بواری نەوت و گازد، لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەربچێت، کە دەرفەتێکی باش بۆ وەبەرهێنان بۆ تورکیاش دەرەخسێنێت.

• تورکیا لە رووی سیاسییەوە دەتوانێ چ بۆ KRG لە عێراقدا بکات. کورد، وەکو لە باسەکانی پێشوودا، گوترا دەیەوێ عێراق بەڕاست نیزامێکی دیموکراتی دەستووریی ئیتیحادی پەرلەمانی بێت. ناسنامەی عێراق وەکو وڵات، وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە ئایین و تایەفە بێت، هەیمەنەی هیچ لایەنێکی بەسەرەوە نەبێت، چ بەبیانووی زۆرینەی نەتەوەیی (عەرەب) یان تایەفی (شیعە). وڵاتێکی وا، بەو سیستەمە، دەکارێ سەقامگیر بێت، لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە گەشاوە بێت و هۆکارێکی خێر بێت بۆ ئاشتی ناوچەکە و لە ئایندەشدا رۆڵێکی بەرچاو لە سیستەمی سیاسی، ئەمنی و ئابووری ناوچەکەدا بگێڕێ. وەکو ئەزموونی ٨٠ساڵی دەوڵەتی عێراقیش ساغی کردۆتەوە، ئەگەر سیستەمێکی وا لە عێراق نەبێت، نە لەناو عێراقدا سەقامگیری و ئاشتی دەبێت و نە لەگەڵ دەرودراوسێکانیشدا، کێشەو قڕەی دەبڕێت.

• گەلی کوردستان، بەحوکمی کۆمەڵێ هۆکار، ژمارەکەی (دەوروبەری ٦ ملیۆن)ە، پێگەی سیاسی و قانوونیی لەناو عێراقدا، هەروەها سەروەتی زۆروزەبەندی سروشتی (نەوت و گاز)، هەڵکەوتەی جیوگرافیی ناوچەکەی ( چ وەکو هەرێمێکی بەسەریەکەوەی جیوگرافی کە دەوروبەری ٨٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت و هەم هاوسنووری لەگەڵ تورکیا و ئێران و سوریا)، لە عێراقدا، دەتوانێ هەم دەوری بەلانس لەنێوان پێکهاتەکاندا (بەتایبەتی لە نێوان شیعە و سوننە)دا بگێڕێ و هەم لە رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی تیرۆر و سەرەڕۆیی، جا چ ئیسلامی بێت یان نەتەوەیی یان تایەفی و هەم لە دیموکراتیزەکردنی وڵاتدا، دەورێکی گرنگ بگێڕێ.

• پێموایە، تورکیا ئەم دەورەی KRG (بەو پێیەی کوردستان هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا و «بوابە»ی تورکیایە بۆ عێراق و ناوچەی کەنداو) بەهەند وەردەگرێ. نەمازە تورکیا چاوی لەوەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەورێگی گرنگی ئاشتیسازی و سەقامگیرگێری بگێڕێ. ئەم دەورەی تورکیا، بێ لەوەی بەرژەوەندیی تورکیای تێدایە، رەنگە بە موبارەکبادی یەکێتیی ئەوروپی و ئیدارەی تازەی ئەمریکاش بێت. تورکیا دەتوانێ لەم رووەوە لەگەڵ دروسێیە ئەمین و میانڕۆیەکەی بۆ سەقامگیرکردنی عێراق بەتایبەتی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، واتە لەگەڵ KRG هەماهەنگی بکات. بۆ ئەمەش پێویستە تورکیا پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسیی راستەوخۆ لەگەڵ KRG دابمەزرێنێ، لەوانە کردنەوەی کۆنسوولگەری لە لایەن چەندین دەوڵەتی تر لە هەولێردا. ئەو پێوەندییە، هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ دەستووری عێراقدا نییە، چونکە ئەوە پێوەندییە لەگەڵ هەرێمێکی فیدراڵی ناو وڵاتێک کە تورکیا رێز لە ئیرادە، سەروەری و سیستەمە سیاسییەکەی دەگرێ، کۆک و

تەبایە. بەهەرحاڵ، بوونی عیراقێکی سەقامگیر و گەشاوە لەسەر سنووری تورکیا، کاریگەریی پۆزەتیڤی بۆ تورکیا دەبێت. ئەمەیان بوار و دەرفەتێکە بۆ بەیەکەوەکارکردن.

• پێموایە، لەناو تورکیا، خەڵکێکی کەم هەن، نکوڵی لە بوونی کورد لە تورکیادا بکەن. بەڵام لە دەستووری ئێستای تورکیا، دان بە بوون و ناسنامەی کورد نەنراوە. پرەنسیپی (هاوولاتیبوون)یش بەتەنیا کافی نییە و چارەی کوردی نەکردووە. لە مومارەسەی رۆژانەدا، کورد وەکو نەتەوەیەکی جیا، نەیتوانیوە مومارەسەی سادەترین مافە کولتووری و سیاسییەکانی خۆی بکات، لەوانە خوێندن بەزمانی خۆی. ناوچەکەشی لە رووی ئابووری و کولتوورییەوە لەچاو باقی شوێنەکانی تری تورکیا دواکەوتوو ماوەتەوە. ئەوانە وایانکردووە کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد لە تورکیا دروست ببێ. پێمان خۆش بێ یان نا، بەحوکمی هاونەتەوەیی بوونی کورد لەمبەروئەوبەری سنووردا، کێشەی کورد رەنگدانەوەی بۆسەر یەک هەبووە و هەیە چ بە چاک چ بەخراپ. لەبەر ئەوە، هەر کرانەوەو (تفهم)ێکی کێشەی کورد لە تورکیا، هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێک لەبواری مافە کولتووری و سیاسییەکاندا، رەنگدانەوەی ئیجابی بۆ سەر گەلی کورد لێرەو بۆ سەر KRG دەبێت و زێتر هانی دەدات لەگەڵ تورکیادا هاریکار بێت. ئەمەشیان بوارێکی ترە، کە بەم یان بەو شێوەیە کار لە ئێمەش دەکات و دەتوانین بەیەکەوە کار بکەین.

• لەتەک ئەوەدا، هەقە ددان بەو راستییەش بنێین کە لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە PKK لە تورکیا هەیە. لە ١٩٨٤یشەوە لە ململانێیەکی چەکداری لەگەڵ حکوومەتی تورکیا دایە. لە سۆنگەی ئەم ململانێ چەکدارییە Armed Conflict زەرەرو زیانێکی زۆری ماددی و بەشەری هەم بە تورک و هەم بە کورد کەوتووە. ئەو دوو کێشەیە: کێشەی کوردو کێشەی PKK لە تورکیا تێکەڵ بەیەکبوونە. چۆن تورکیا دەکارێ لێکیان جیا بکاتەوە؟ من پێموایە، بۆ ئەو جیاکردنەوەیە، لە رووی سیاسیی و دەستووری و قانوونییەوە، پێویستە تورکیا تەرتیباتێک arrangements بکات، کە رێگە بۆ ئەوە بکاتەوە کورد لەوێ ئازادانە، لە چوارچێوەی دەستوورو یەکێتیی خاکی تورکیادا، ممارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن. چونکە بەڕای ئێمە، بەتەنیا پرەنسیپی (هاوولاتیبوون) و دیموکراتیزەکردنی ولات، لەو ولاتانەی کە فرە نەتەوە، فرە ئایین و فرە تایەفەن، کێشەکان چارە نابن. بێ لەوە بەڵگەنامەو دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییەکان کە تورکیا خۆی ئیمزای کردوون، یەکێتیی ئەوروپی و ئیدارەی تازەی سەرۆک ئۆباماش ئەوە دەخوازن، کرانەوەیەک لە سیاسەتی تورکیا بەئاقاری دابینکردنی هەرچی زێتری مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد رووبدات. لەم رووەوە، KRG دەتوانێ هاریکار بێت، چۆن؟ بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ کۆنفرانسێک لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستاندا ببەسترێ، کە هەموو لایەنە سیاسییەکان بە پەکەکەیشەوە بەشداری تێدا بکەن. لەو کۆنفرەنسەدا جەخت لەسەر گرتنەبەری شێوازی دیالۆگی ئاشتیخوازانە و دیموکراتی بۆ هێنانەدی مافەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکان بکرێتەوە. هەموو لایەنەکانی ئەو کۆنفرانسە دەستی پێوە بگرن. ئا لەم رووەوە پێویستە تورکیا، لە کۆنفرانسێکی ئەوها نارەحەت نەبێت، چونکە لەکۆتادا، بەقازانجی ئاشتی و بەیەکەوەهەڵکردنی نەتەوە و گەلانی ناوچەکە، بە تورکیاشەوە، دەشکێتەوە. پێمان وایە شتێکی لەم بابەتە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتیوانی لێدەکەن. کەواتە KRG دەکارێ بە حوکمی پێگە و قورسایی خۆی لەناو بزووتنەوەکانی رزگاریخوازیی کوردستاندا، دەوری ئاشتیسازو ناوبژیکارانە بگێرێ. چونکە بە ئەزموون دەرکەوتووە، کە رێگەچارەی سەربازی نە بۆ ئێمە، نە بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر چارەسەر نەبووەو نییە، بێ لە کارەسات وماڵوێرانی هیچی بەدواوە نییە. بۆیە و هەقە هەوڵەکان لەپێناو هێنانەکایەی

فەزایەکی سیاسی بەخت بکرێن، کە قبوڵکردنی یەکتری بەدواوە بێت. ئەمەش لە خزمەتی بەرژەوەندی و پێشکەوتنی نەک هەر KRG و تورکیایە، بەڵکە رەنگدانەوەی پۆزەتیڤیشی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەشەسەندوو (مزمن)ەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە هەقە تورکیا ئەم دەورەی KRGی پێخۆش بێت، سەبارەت بە کوردەکانی خۆی و سەبارەت بە KRG یش لە (وەهم)ـە ئەمنییەکانی خۆی قورتاری بێت. ئەوەشیان، نزیکەوتنەوە (مقاربە)یەکی واقیعییانە لە کورد و پشت بەهاریکاری نێوان هەردوولادا دەبەستێ.

• لەناو کوردستانی عێراقدا، بێ لە کورد کە کۆمیونیتەیەکی سەرەکییە Major community، چەند نەتەوەی تر وەک تورکمان، کلدان و ئاشووری و عەرەب و ئەرمەن هەن، موسڵمان، مەسیحی و ئێزدی، شیعە و سوننە و کۆمەڵەی تری ئایینی و تایەفی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی کێشە لەسەردا disputed areas هەن. گیانی تەساموحی نەتەوەیی، ئایینی و تایەفی لە کوردستان باو بووە، لێرە شتێک نییە پێی بگوترێ توندوتیژی ئیتنی یان ئایینی، یان کوشتن لەسەر ناسنامە، یان هەر جۆرە (تمییز discrimination) و سەرنجدانێکی ژیانی رۆژانە، پێکهاتەی دامەزراوە دەستوورییەکانی KRG ئەو راستییەی سەرەوەمان بۆ ساغ دەکەنەوە.

• تورکمان وەکو دووەم نەتەوەی کوردستان، لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە کە تورکیا دەیەوێ مشووریان بخوات، گەڵاڵەنامەی دەستووری هەرێمی کوردستان، دەرفەتێکی زۆر بۆ پراکتیزەکردنی مافەکولتووری، ئیداری و سیاسییەکانیان دەکاتەوە. لە پراکتیکیشدا، KRG دەسپێشخەر بووە بۆ زامنکردنی ئەو مافانە کە هەرگیز لەگەڵ ئەو ناوچانەدا بەراورد ناکرێ کە لەبندەستی KRGدا نین. ئەو گەرەنتیە دەستوورییانە و بەشداریپێکردن و پراکتیکی رۆژانەیە، رێگەخۆشکەرە بۆ براندنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بە پارێزگای کەرکووکیشەوە، لە رێگەی ماددە ١٤٠–

ـەوە، کە نەخشە رێگای چارەسەری بۆ داناون. لەم رووەشەوە، تورکیا دەکارێ هاریکاری KRG بکات، ئەویش کە هانی خەڵکی تورکمان و سازمانەکانیان، لەوانە بەرەی تورکمانی بدات، کە تێکەڵاوی و بەشداریی ژیانی سیاسی بکەن و ریزەکانی گەلی کوردستان پتەوبکەن. بەتایبەتی پێویستە تورکیا ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە خیار choiceی، خەیارێکی دیموکراتیی مەدەنییە لە ناوچەکەدا، لەم رووەشەوە KRG چاوی لەوەیە، تورکیا هاوکاری بکات. ئەوەشیان بوار و دەرفەتێکی تری بەیەکەوە کارکردنی سیاسییە.

• رەنگە لەناو سەمت و بیرکردنەوەی وا هەبێت کە پێویستە تورکیا چاوەڕوانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بکات، ئەودەم هەرێمی کوردستان لەبەر بەهێزبوونی خولیای سانترالیزم لە بەغداو پەرەسەندنی دەستڕۆییشتوویی ئێران خۆی لەبەر فشار و هەڕەشەکان نەگرێ و چاری ناچار پەنا بۆ تورکیا دەهێنێ و تورکیا هەرچی لێ داوا بکات، بیکات. «منطلقات»ی ئەو تێڕوانینە، تەواو ئەمنییانەیە و هیچ دووربینییەکی تێدا نییە. پێموایە، بیرکردنەوەی راست ئەوەیە تورکیا بۆ راگرتنی بەلانس، پێویست دەکات هەماهەنگی لەگەڵ KRG و پێکهاتەکانی دیکەدا بکات و هاریکاریان بێت لە چارەسەرکردنی ناتەباییەکانی نێوانیان لە سەرێک و هەوڵ لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکاش بدات، کە واقیعییانە سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا مامەڵە بکات، بەتایبەتی کە هەم بەرپرسانی KRG و هەم تورکیا، پێیانوایە کشانەوەیەکی بەپەلە لە عێراق، گرژی و توندوتیژیی بەدواوە دەبێت، ئەمەش بوارێکی تری کاری دیپلۆماسیی چڕوپڕ و هاریکارییە لەنێوان هەردوولادا.